# چەند حوکمێکی شەرعی
# دەربارەی
# منداڵی تازە لەدایکبوو

**وەرگێڕ: زریان سەرچناری**

بسم الله الرحمن الرحيم

الْحَمْدُ لله رَبِّ الْعَالَمِيْنَ، وَالصَّلاَةُ وَالسَّلاَمُ عَلَى أَشْرَفِ الْأَنْبِيَاءِ وَالْمُرْسَلِيْنَ، وَعَلَى أله وَأَصْحَابِهِ وَمَنْ تَبِعَهُمْ بِإِحْسَانٍ إِلَى يَوْمِ الدِّيْنِ، أَمَّا بَعْدُ : **ئەمە چەند ڕێنماییەکە کە پەیوەندیان هەیە بەمنداڵی تازە لەدایکبوو.**

## یەکەم: ئەو کارانەی لە یەکەم ڕۆژدا پێویستن:

**١- مژدەدان بەدایك و باوکی لەلایەن دەوروبەرەکەیانەوە و پیرۆزبایی لێکردنیان وەك خوای گەورە دەفەرموێت:** (فَبَشَّرْنَاهَا بِإِسْحَاقَ وَمِنْ وَرَاءِ إِسْحَاقَ يَعْقُوبَ.)[١] **واتا:** ئەوسا مزگێنیمان پێ دا بە ئیسحاق و سەرەڕای ئیسحاق بە یەعقووب.

**وە خوای گەورە دەفەرموێت:** (أَنَّ اللَّهَ يُبَشِّرُكَ بِيَحْيَى.)[٢] **واتا:** خودا مزگێنیت پێ دەدا، بە کوڕێک بە ناوی «یەحیا».

**٢- (**التَّحْنِيكِ**) کە دەم شیرینکردنی تازە لەدایکبووەکەیە بەکوردی پێی دەوترێت (گۆشکردن یا فاچکدان) ئەویش بەوە دەبێت کە خورمایەك لە دەمدا جوان بجورێت و پاشان کە وەکو هەویری لێهات هەندێکی بخرێتە دەمی منداڵەکەوە و بسورێت بە بەشی سەرەوەی ناو دەمیدا واتا مەڵاشوی. بە بەڵگەی ئەو فەرمودە صەحیحەی کە ئەبوموسا بۆمانی گێڕاوەتەوە دەڵێت:** (وُلِدَ لِي غُلاَمٌ، فَأَتَيْتُ بِهِ النَّبِيَّ(ﷺ) فَسَمَّاهُ إِبْرَاهِيمَ، فَحَنَّكَهُ بِتَمْرَةٍ وَدَعَا لَهُ بِالْبَرَكَةِ).[٣]

**واتا: کوڕێکمان بوو ئیتر هێنام بۆلای پێغەمبەر(ﷺ) ناوی نا ئیبراهیم و دەمی شیرینکرد بە دەنکە خورمایەك وە دوعای بەرەکەتی بۆ کرد.**

## دووەم : ئەو کارانەی کە لە ڕۆژی حەوتەمەوە دەست پێدەکات:

**١- تاشینی سەری منداڵەکە کوڕ بێت یا کچ وە ئەو قژەی کە لەسەری دەکرێتەوە بکێشرێت و نرخی ئەو کێشە بە(زیو) بخەملێنرێت و پارەکەی کردیە چەند بۆی بکرێت بە خێر واتا ئەو پارەیە بدرێتە کەسێکی هەژار.**

---

١ هود ٧١

٢ ال عمران ٣٩

٣ متفق علیه.

به بەڵگەی ئەو فەرمودەیەی کاتێك فاتیمەی کچی پێغەمبەری خوا(ﷺ) حەسەنی بوو، پێغەمبەری خوا(ﷺ) پێی فەرموو: (يَا فَاطِمَةُ، احْلِقِي رَأْسَهُ، وَتَصَدَّقِي بِزِنَةِ شَعْرِهِ فِضَّةً.) [٤] واتا: ئەی فاتیمە موی سەری بتاشە و بیکێشە، وە بەنرخی زیو بەهاکەی بدە بە هەژاران.

٢- وە بۆنی خۆش دەدرێت لە منداڵەکە بە بەڵگەی ئەو فەرمودەیەی دایکمان عائیشە(ﷺ) لە پێغەمبەرمانەوە(ﷺ) گێڕاوێتیەوە دەفەرموێت: (كَانُوا فِي الْجَاهِلِيَّةِ إِذَا عَقُّوا عَنِ الصَّبِيِّ خَضَبُوا قُطْنَةً بِدَمِ الْعَقِيقَةِ، فَإِذَا حَلَقُوا رَأْسَ الصَّبِيِّ وَضَعُوهَا عَلَى رَأْسِهِ، فَقَالَ النَّبِيُّ(ﷺ): «اجْعَلُوا مَكَانَ الدَّمِ خَلُوقًا.») [٥]

واتا: جاران لە سەردەمی نەفامیدا کە ئاژەڵیان بە بۆنەی منداڵبونەوە سەردەبڕی پارچەیەك لۆکەیان بە خوێنی ئاژەڵەکە خوێناوی دەکرد و پاشان سەری منداڵەکەیان دەتاشی و خوێنەکەیان دەسوی لەسەری منداڵەکە، ئیتر پێغەمبەر(ﷺ) فەرموی لەبری ئەو خوێنە بۆنی خۆش بدەن لەسەری منداڵەکانتان.

٣- ناونانی منداڵەکە، هەرچەندە لە یەکەم ڕۆژیشدا هەر دروستە تاکو حەوتەم ڕۆژ، بەبەڵگەی ئەو فەرمودەیەی کە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمویەتی: (وُلِدَ لِيَ اللَّيْلَةَ غُلَامٌ، فَسَمَّيْتُهُ بِاسْمِ أَبِي إِبْرَاهِيمَ.)[٦] واتا: ئەم شەو خوای گەورە کوڕێکی پێ بەخشیم دەست بەجێ ناوم نا ئیبراهیم بەناوی باوکمەوە. واتا بەناوی ئیبراهیم پێغەمبەرەوە(U). وە پێویستە دایك و باوك ناوی جوان بنێن لە منداڵەکانیان.

٤- خەتەنە کردن (بۆ کچ گوێ سمین) چونکە خەتەنەکردن یەکێکە لەسوننەتەکانی فیترەت و پاکێتی مرۆڤـ، بە بەڵگەی ئەو فەرمودەیەی پێغەمبەرمان(ﷺ) کە دەفەرموێت: (خَمْسٌ مِنْ الْفِطْرَةِ الْخِتَانُ ....) [٧]
واتا: پێنج کردەوە نیشانەی فیترەت پاکیین: خەتەنەکردن و ...

هەروەها بەبەڵگەی ئەو فەرمودەیەی تر کە کابرایەك هات بۆلای پێغەمبەر(ﷺ) گوتی موسوڵمان بووم، پێغەمبەریش(ﷺ) پێی فەرموو: (أَلْقِ عَنْكَ شَعْرَ الْكُفْرِ وَاخْتَتِنْ.) [٨] واتا: سەرت بتاشە و موی بێ باوەڕی لێبکەورەوە و خەتەنەش بکە. وە کاتی خەتەنەکردن: گوتراوە لە یەکەم ڕۆژەوەیە تاکو حەوتەم

---

٤ رواه احمد والطبراني في الكبير والبيهقي في سننه واسناده حسن.

٥ رواه ابن حبان في صحيحه، و صححه شعيب الأرنؤوط.

٦ صحيح : أخرجه أحمد وعبد بن حميد ومسلم.

٧ متفق عليه

٨ رواه أبو داود واسناده حسن

**ڕۆژ، وە گوتراویشە تاکو کاتی پێگەیشتنیش هەر دەبێت. وە ڕاسترین گوتە ئەوەیە کە ڕۆژی حەوتەم خەتەنە بکرێت بە بەڵگەی ئەو فەرمودەیەی کە جابر دەیگێڕێتەوە و دەڵێت:** (عَقَّ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)عَنِ الْحَسَنِ وَالْحُسَيْنِ وَخَتَنَهُمَا لِسَبْعَةِ أَيَّامٍ.) [٩]

**واتا: پێغەمبەر(ﷺ) لە ڕۆژی حەوتەمدا گوێزبانەی بۆ حەسەن و حوسەینی کچەزای کرد و خەتەنەشی کردن.**

## سێیەم (الْعَقِيقَة): : گوێزبانە : کە "حەوتم"یشی پێ دەگوترێت

**١- واتای (عەقیقە): سەربڕینی ئاژەڵە بە بۆنەی منداڵبونەوە و بەخشینەوەی گۆشتەکەی یان کردن بەچێشت و بانگهێشتکردنی کەسوکار و دەرودراوسێ و هاوڕێ بە بۆنەی ئەوەی خوای گەورە منداڵی پێداون. کە لەشەرعدا سوننەتی موئەکەدەیە و گوتراویشە بۆ کەسی باری دارایی باشبێت واجبە، چونکە پێغەمبەرمان(ﷺ) بەکردار و گوفتاریش پێی ڕاگەیاندوین، فەرمودەکەی پێغەمبەرمان(ﷺ) ئەوەیە کە فەرمویەتی:** (مَعَ الْغُلَامِ عَقِيقَةٌ أَرِيقُوا عَنْهُ دَمًا وَأَمِيطُوا عَنْهُ الْأَذَى.) [١٠]

**واتە: بۆ هەموو تازە لەدایکبویەك گوێزبانە بکەن بە ڕشتنی خوێنی ئاژەڵ، وە موی سەریشی کە زیانی بۆی هەیە بیتاشن.**

**وە کردارەکەشی(ﷺ) ئەوە بووە کە ئیبنو عەباس دەفەرموێت:** (عَقَّ عَنْ الْحَسَنِ وَالْحُسَيْنِ كَبْشًا كَبْشًا) [١١] **وە لە گێڕانەوەیەکی تردا** " كَبْشَيْنِ كَبْشَيْنِ "[١٢] (و هو الأصح.) **واتا: پێغەمبەرمان(ﷺ) بۆ حەسەن و حوسەین ی کچەزای یەکی دوو بەرانی کردە گوێزبانە.**

**وە بە بەڵگەی ئەو فەرمودەیەی پێغەمبەرمان(ﷺ) کە دەفەرموێت:** (كُلُّ غُلَامٍ رَهِينَةٌ بِعَقِيقَتِهِ تُذْبَحُ عَنْهُ يَوْمَ سَابِعِهِ وَيُحْلَقُ وَيُسَمَّى.) [١٣] **واتا: هەموو منداڵێك بارمتەیە بە گوێزبانەکەیەوە کە ڕۆژی حەوتەم بۆی**

---

٩ اخرجه الطبراني في الأوسط والبيهقي واسناده ضعيف. التحديد ورد فيه حديثان : الأول عن جابر أن رسول الله صلى الله عليه وسلم عق عن الحسن والحسين ، وختنهما لسبعة أيام ، ( ضعيف ) رواه الطبراني في المعجم الصغير ، والثاني عن ابن عباس قال : سبعة من السنة في الصبي يوم السابع : يسمى ، ويختن .... الحديث . أخرجه الطبراني في الأوسط وفي سنده ضعف . لكن أحد الحيثين يقوي الآخر وقد أخذ به الشافعية ، فاستحبوا الختان يوم السابع من الولادة.

١٠ البخاري

١١ رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ, وَصَحَّحَهُ اِبْنُ خُزَيْمَةَ, وَابْنُ اَلْجَارُودِ, وَعَبْدُ اَلْحَقّ

١٢ رواه النسائي في السنن الكبرى.

١٣ أخرجه الْأَرْبَعَة ، وَصَحَحهُ التِّرْمِذِيّ .

سەردەبڕدرێت، پاشان موی سەری دەتاشرێت و ناو دەنرێت. وەکاتەکەشی ڕۆژی حەوتەمە، وە ئەگەر نەگونجا ڕۆژی چواردەیەم وە ئەگەر هەر نەگونجا ڕۆژی بیستویەکەم.

٢- بۆ کچ و بۆ کوڕیش گوێزبانە دەکرێت، وە هیچ جیاوازیەکی نییە، تەنها لەژمارەی ئاژەڵەکەدانەبێت کە بۆ کچ یەك ئاژەڵ سەردەبڕدرێت بەڵام بۆ کوڕ دوو ئاژەڵ، بە بەڵگەی ئەو فەرمودەیەی پێغەمبەرمان(ﷺ) کە دەفەرموێت: (عَنْ الْغُلاَمِ شَاتَانِ مُتَكَافِئَتَانِ وَعَنْ الْجَارِيَةِ شَاةٌ.) [١٤] واتا: بۆ کوڕ دوو ئاژەڵی هاوتا دەکرێت بە گوێزبانە وە بۆ کچ یەك ئاژەڵ.

هەروەها ئەو فەرمودەیەی تر کە لەپێغەمبەرمانەوە(ﷺ) گێڕدراوەتەوە: (أَمَرَنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)أَنْ نَعُقَّ عَنْ الْجَارِيَةِ شَاةً وَعَنْ الْغُلَامِ شَاتَيْنِ.) [١٥] واتا: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی پێ کردین کە بۆ کچ یەك ئاژەڵ سەرببڕین وە بۆ کوڕ دوو ئاژەڵ.

٣- چەند حوکمێکی شەرعی دەربارەی گوێزبانە: ئاژەڵی گوێزبانەش دەبێت وەك ئاژەڵی قوربانی بێت وەکو تەمەن و بێ عەیبیەکەی، وە چەندەی دەبەخشرێت و چەندی دەخورێت لەلایەن خاوەنەکەیەوە یان هەڵدەگیرێت، تەنها ئەوەی جیاوازە لە قوربانی، کە قوربانی چەند کەسێك دەتوانن بەشداربن لە قوربانیکردندا بە سەربڕینی هوشترێك یان ڕەشەوڵاخێك بەڵام گوێزبانە بۆ هەر منداڵێك دەبێت ئاژەڵی تایبەتی خۆی بۆ سەر ببڕدرێت و بە هاوبەشی نابێت، ئەگەر ئەو دایك و باوکەش لەلایەنی مادیەوە باش بن و ڕەشەوڵاخێکیش سەببڕن هەر بۆ یەك منداڵ دەبێت و ناکرێت نێتی چەند منداڵیکی لێ بێنن. هەرچەندە باشتر وایە کە حەیوانە وردە بکرێت بە گوێزبانە.

حەوت کار پێویستە ئەنجام بدرێت بۆ منداڵی تازە لەدایکبوو لە ڕۆژی حەوتەمدا ئەگەر گونجا:

١- دەم شیرین کردن.

٢- ناو نان.

٣- خەتەنە کردن (بۆ کچ گوێ سمین)

٤- تاشینی سەر.

٥- بۆنی خۆش لێدان.

٦- پارە بەخشین بە کێشی ئەو مووە کە لەسەری دەکرێتەوە نرخەکەی بە زیو.

٧- ئاژەڵ سەربڕین بۆی.

---

١٤ رواه احمد والترمذي وقال حسن صحيح (ومعنى متكافئتان : أي متساويتان في السن , والنوع , والجنس , والسمن)

١٥ أخرجه أحمد و"أبو داود" و"ابن ماجة" و الترمذي وقال حديث حسن صحيح.

**ماناى زاراوەى گوێزبانە:** ئەوەندەى من بە دوايدا گەڕابێتم و بيستبێتم (گوێ) واتا ئەندامى بيستن، وە (زبان) زمانە ئەندامى قسەكردن، واتا دايك و باوك ئەو خێر و سەربڕين و سوننەتانە بۆيە زيندودەكەنەوە بۆ ئەوەى خواى گەورە زمان و گوێچكە ببەخشێت بەمندالّەكەيان، چونكە ئەندامەكانى ترى بەرِوكەش ديارن تەنها ئەو دوو ئەندامەى نەبێت كە هێشتا نەزانراوە كاردەكەن يان نا. خواش زاناترينە. والله اعلم.